# ئەوەی سوێند بە جگە لە خوای گەورە بخوات ئەوا کوفر یان شیرکی کردووە

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە گوێی لە پیاوێک بوو ووتی: نەخێر سوێند بە کەعبە، ئیبن عومەر ووتی: نابێت سوێند بخورێت بە جگە لە الله، چونکە من گوێم لە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- بوو کە دەیفەرموو : «ئەوەی سوێند بە جگە لە خوای گەورە بخوات ئەوا کوفر یان شیرکی کردووە».
[صەحیحە] [رواه أبو داود والترمذي وأحمد]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوە دەکات هەرکەسێک سوێند بخوات بە جگە لە خوای گەورە وناو وسیفەتەکانی ئەوا کوفری کردووە بە خوا وهاوەڵی بۆ بڕیار داوە؛ چونکە سوێند خواردن بەمەزندانانی سوێند پێخوراوە، و بەمەزندانان تەنها مافی خوای گەورەیە ؛ بۆیە دەبێت مرۆڤ بەتەنها سوێند بە خوای گەورە وناو وسیفەتەکانی بخوات، وئەم سوێند خواردنە بە جگە لە الله شیرکی بچووکە؛ بەڵام ئەگەر سوێندخۆر ئەوەندە سوێندپێخوراو بەمەزن دابنێت وەکو بەمەزندانانی الله یان زیاتر ؛ ئەوا لەم حاڵەتەدا دەبێتە شیرکی گەورە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3359

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee